# دیمەنە هەست پێکراوە کان ... عەلی کمال

لە ئەنجامی کارێکی درێژ خایەن و بەردەوام دالەبواری هونەر و ؛ئەدەب ورۆشنبیری گشتی بەشێوەیەکی نەپچڕاو وبەبی َدابڕان تاقی کردنەوە هونەرییەکان وسایکۆلوژ یو بەهرە و کارکردن کەپشتی پی دەبەستری. ئەوەیە هەست کردنی هونەرمەندە بەهێڵ. بەتایبەتی دوو هێلی سەرەکی ئەوەش هێڵی ستونی وئاسۆییە. هێڵی ستونی هەمیشە هەستی هێزی هەڵکشاومان پی ئەبەخشی هەست بەسەرکەشی ومەزنی وئاسودەیی ئەکەین دووبارە بونەوەری نەشونماو هەست کردن بەناوەڕۆکی فۆڕمەکە ئەکەین وەك بەرهەمێکی هونەری هونەرمەندانی ئەیاندە خوازانی (مادۆ) زیاتر بابەتە ستونییەکان وەك پاڵپشتی بەکار دێنن لە بەرهەمە هونەریەکاندا بەهێڵ و ڕەنگی قورەکە وەك هێڵە ئاسۆییەکان مەبەستەکان ئەپێکن لە فۆڕمەکەدا بەڵام هێڵی ئاسۆیی دەربڕی پاڵدانەوەیەو، دابڕان و، کۆچ و نەمانە ئەم هێڵە هەستێکی کۆتایی ئەبەخشی ئەبێتە هۆی ئەوەی کەبینەر بەرەو ڕەشبینی ڕاکێشی. ئەیبەستێتەوە بە چمکی (کات) واتا ئەو ڕووداوە دەروونییەی نەشادی ئەبەخشی بەمرۆڤ کەتۆمار کراوە لە ڕابردوودا لەچرکەی کاتێك دا بۆتەهۆی نەهامەتی. کاتی کە ئەگەڕێیتەوە بۆ مەودای سی هەرچەندە هێڵی ئاسۆیی لە زۆر کاتدا ئەمان بەستێتەوە بەخاك وئاو. لە زۆکاتیشدا ئەبێتەهۆی کەم کردنەوەی خەمەکان. بەڵام سەرەڕای ئەمانە زیاتر هێڵی ستونی یان ئەو بەرهەمە هونەرییانەی کەزیاتر هێڵ و بابەتی ستونی تیایە بەدیدەکری زیاتر بەهای بەرهەمەکە مەزندەرتر ئەبی ڕێژەی جوانی زیاتر ئەبی ئەگەر بمانەوی لەم بەشە قوڵبینەوە بڕوانینە بەرزی چیایەك هەست بەمەزنی ئەکەین هەستی هێزی هەڵکشاوی پێوە دیارە هەستی هێزی داکوتانی چەند پتەوە. لە هەمان کاتدا دارتێلێکی کارەبا ئەویش هەر هێڵێکی ستونیە بەڵام هێزی چەسپاوی بە زەوییەوە کەمە یان لاوازە. سروشت ویاسای کێشی زەویش زیاتر وادەکەن کە هێڵە ستونیەکان درك پێکراو بی لای هونەرمەندان بەپێچەوانەی هێڵی ئاسۆیی. گەربێت و لەوەرزی بەهاردا ڕوبەڕوی مێرگی بوەستی وردبێتەوە بڕوانێتە ئەو مێرگە جارە کە گوڵە نێرگزە دوو دیمەن ئەبینی هەست بەنەش ونمایەك ئەکەی. ئاسودەیی بەمرۆڤ ئەبەخشی. گەر ورد بینەوەو سەیری لاسکە سەرەکێکەی بکەی ئەو ساتە وەختە زیاتر چێژی لی ئەبینین. هەست بەمەزنی ئەکەی هەست بە ڕەگ داکوتانی گوڵە کان ئەکەی، هەست بەپتەوی گوڵەکان ئەکەی هونەرمەندانی ئایندە خواز (مادۆ) بەم وردبینیە ئەڕواننە کۆمەڵگای کوردەواری و سروشت، فۆڕمەکان بنیاد دەنێن، ئاهەنگی خۆی ئەچەسچێنی بەپێچەوانەوە هێڵە ستونیەکان گەربێت وپەرشووبڵاوبی ئەو ئاهەنگە پرشوبڵاو ئەبی. دەبێتە ڕیزبوون چڕی هێڵەکان ریزبەندیان و یەك هەوای جوانی و دەوڵەمەندی هەمەڕەنگی و جۆراو جۆری هێڵەکان و پەیوەندیەکان هێڵی باریك، پان، کورت، درێژ، ساکاریی و توندی وبەندی بابەتەکان ئەبەستنەوە. نابی لەچمکێکەوە بڕوانیتە فۆڕمەکە دەبێت هەمەلایەن بی پێویستە هەست بە بەهای فۆڕمەکە بکەی وەك ئامڕازێك لە داهێنانی فۆڕمەکە. پێك هاتەی بەباتەکەتەنها یا بەرزی هێڵەئەندازەییەکان نییە وەك یاسایەکی وشك (س=یٚ) هەستی هونەرمەندوو سۆزو عشق ووردبینی توێژینەوە گەشەپێدانی بەهرە هونەرییەکەی و کارکردنی بە بەردەوام لە بوارەکە دا تێڕوانینی هونەرمەند بۆشۆڕییەك لەو هەستە ناسکە. شۆڕبوونەوەی لاسکەکان و شۆڕبونەوەیەکی دژ بە جوڵانەوەی لەشە هەڵکشاوە کانە

هونەرمەندانی ئایندەخوازی {مادۆ} زۆر بەوردبینی ولێکۆڵینەوە یەکی ئەکادیمی مۆدێرن کاردە کەن و شۆڕدە بنە وە بە ناخی بابە تە هەست پێکراوە کانی سەر دەم وتۆماری دەکەن..

تێبینی....
هێڵێکی ستوونی 6سم ڕاکێشە لە ناوە ڕاستا پنتی دانی لە پنتە کەوە هێڵکی ئاسۆیی بەهەمان پێوەر واتە 6سم ڕاکێشە. هەردوو هێڵەکەیەکسانن بە پێوەر بەڵام بە تێڕوانین هەست دەکەی کە هێڵە ستوو نە کە درێژترە.

بەڕێوە بەری گەلەری هونەری بابان
علی کمال